**هۆ پەشێوی پشێون پیشە ،**

لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجە و لێدان ، لە بن پەتی سێدارە و گوللەباران ، لە ناو کڕێوە و بەفر و بەستەڵەک و برسیەتی پێشمەرگایەتی ، لە تاریکستان و شەوەزەنگی داگیرکراویی دایکی نیشتمان ، مە کوردان فریشتەی شێعری گۆرانمان هەبوو ، بە فرەیەک زمانی کۆن و نوێ ، بە ڕوخساری پیر و جوان ، بە پۆپەشمینەی ڕەنگاوڕەنگی کات دەهاتە لامان و لەناومان دا گۆرانی ئەرامن ئەچڕی و سەر لە سەر ڕانی دیکانەی ئۆقرە و ئاسوودەیی پێ ئەداین و لۆری هۆ کوڕێ من لۆری و لایەلایەکەی دڵ و مێشکی خەم و خەفەت باری دەروێشی عەبدی سواری گڵاوی مەیدانی شەڕی ئەڕەواندەوە و تین و تەوژمی ئەداینێ . بایەقوشانی شەڕی ناوخۆیی و دەم و زمان پیسی خەرەفیاو هەوڵیانە ئەم سامانەمان لێ تێک بدەن . پەشێوێکە لە سۆڤیەت ژیاوە و دەستی دەگەیشتە کانیاوی چاند و وێژە و بێژەی دەوڵەمەندی کوردی قەفقاز و میراتگرانی کوردستانی سوور ، کەڕ و کوێر و دەمبێن و قەمتەر کراو لە حاستیانەوە ، دائەبەزێتە سەرسەلوێنکەی "هۆ جەنەڕاڵ" ، دیسان ژاری خۆی ڕشت و لە ناو بەشی مەلای عەجەمی کوردستانی گڕ گرتوو ، ئاگری ئەهریمەنی شەڕ خوەش ئەکات بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە هەموو کوردستان بگرێتەوە ، لەجیاتی هێورکردنەوەی دۆخەکە و دۆزینەوەی ڕێچکە و ڕێکارێک بۆ دابین کردن و مسۆگەر کردنی مافی خەڵک و هیچ ڕیگایەکی لۆ ناهێڵێتەوە .

جەنابی پەشێو ، وا گریمان ئەوەی هەڵی ئەڕێژی وا و واتر و واترتریش بێت ، ئەدی ڕێگاچارە؟ بەڵگەت چیە بۆ ئەو تاوانانەی ئەی هێریتەر گۆڕێ؟ ئەڕا لێمان بووگیسە ترامپ . ئەوەی ئەلف و بێی داد و دادووەری مەزانۆ ، مەزانۆ ئەوەی تۆ ئێژیتی هەوانتەیە و لۆ دەنەدان و پاکانەی توند و تیژی و دژایەتی کورد و کوردستان و ئەو چکە دەسەڵاتەی باشوورە . بیرۆکەی تێکدەر و نەزۆکت پێخۆری حەلەلەکەرانی پێری کۆنە هەرامەی کمۆنیستی دژە کوردن کوڕق و داخی تۆپیویان لە کورد و قەومی و ناسیونالیزمی کوردی هەڵ ئەڕێژن . ڕێکارەکەت ئانارشیزمی ڕووتە و تێکەڵێکی عەبەسیەتی باوی باشوورە ، ئارمانج ژی تێکدانی دۆخی سیاسی کوردستانە .

یاسای چالاکی دژە تێروری ئاورووپا ئەتگرێتەوە لۆیە هەر لە دسپێکا هاوار ئەکەی وەگەرد توندوتیژی نیت . لەم چەند ڕۆژەی دوایی ئاورووپا یاسای (Magnitsky Act) پەسەند کرد بۆ ڕێگری لەوانەی ئاروپا وەک بنکەی چالاکی دژە مرۆیی و تروریستی بەکار تێنن و ئەمەش دیسان جەنابتان ئەگرێتەوە . ئەم ژار ڕشتنەت بۆی هەیە تووشی دۆزی یاسایی لێپرسینەوەت بکات ، لەل جەنەڕالە منال رفێنەرەکەت . بە بێ هیچ بەڵگەیەکی دیار و یاسا پەسەند و باوی سەردەم و وەک فرەیەکی تری مەی و چا و قاوەخانە نشینەکانی کۆن تاوانی گاورە ئەدێتە پاڵ خەڵکانێکی نادیار کە گشت دەسەڵاتدارانی باشوور ئەگرێتەوە و ئەم تاوانبارکردنە گشتی یە خۆی تاوانە . ئەمەشتان هینی پ ک یە کە دژی تێکڕای دەسەڵاتی کوردە لە هەموو کوردستان .

لە کۆنەوە دەرکەوتووە (هۆ جەنەڕالە قیزێونەکەت کە تەنانەت وەگەرد شایر و لۆتیەکانی ئۆغەلبەگ – هەر چەند مام ڕەسوول نادری جیاوازی لە نێوان لۆتی و شایر دائەنا – بەراوەرد ناکرێ ، دوا نیشانە) کە بەتەمای کمۆنیست-فاشیست و چاوبەسەکانی پ ک ی دژەکورد و دژە هەر هەموو هێمای نەتەوەیی کورد بکەی بەماڵ بەسەرمانا ، پێشمەرگە بکەی بە مقاتیل (شەرڤان) ، ئەی ڕەقیب تڕۆ بکەی و ئاڵای کوردستان بسووتێنی و وەک چاوبەسەکانی کۆن کیژۆڵە و مێرمنداڵمان ڕفێنی و لۆ خەڵکی بە کوشتیان بدەی و بیانکەی بە شەهید و خوێنی مرۆڤی کورد هێندە تاڕاج و هەڕاج بکەی کە کابرای بوودەلەی ئامریکای بە هەرزانی بزانێ ، وەک شێرکۆ بێکەس بپرسی کەیخسرەو کێ یە ، ئالایچمان نەبووە ئەوەی میر سینەمخان بەدرخان لە هەلێر دای ناوە هیچ نیە ، هەر پارچەیەکی کوردستان بکەی بە شیمال و شەرق و غەربی وڵاتانی داگیرکەر ، ئاکامی پتر لە سەد ساڵی پاش سایکس-پیکۆی خەبات و شۆڕشی کورد و ئەنفال و هەڵبجە و وێرانکاری هەر هەموو کوردستان و ئەو کەچە دەسەڵاتەی باشوورە وەک میراتگری وڵاتێکی وێران کراو و شەڕی ناوخۆیی و شایرە بایەقوشەکانی بەبا بدەی و جاڕی لەناوبردنی بدەی بێ ئەوەی بێژی کێ و چیت پی یە لە چێگەی دابنێی . ئەمە پەیامی شاراوەی ئاناڕشیستی تۆیە لە سەر دەمێک دا کە  بزاڤی کوردێنی تەپڵی سەربەخۆیی لێ ئەدات و فڕی بە سەر خۆپیشاندەری مافخوازی ئەو نیوەی باشوورەوە نیە . مەلاکانی قوم و تاران و داشەکانیان لە قەندیل ئەشی بکەونە سەمای مەرگیان کە ئەبینن پەشێونی کایەی کوردان ئاوا ئەوەی ئەوان بە ساڵانە هەوڵی بۆ ئەدەن و تەنانەت یەکسەر و بە تێکڕا بوونیان وەک مڵەی بزاڤی کوردێنی کوێر ئەکاتەوە و ئەوەند سەرمەستی بازارگەرمی تێکدانی ماڵی کوردە کە ئەپرسێ کام دەستی دەرەکی وەک تە بێژی کوردستان قەت داگیر نەکراوە و دەستی دوژمنمان بەسەردا زاڵ نەبووگە . قەتماخەی برینی کارەساتی کەرکووک هێژ تەڕە لە دڵی کوردان و پەشیوی کڕ و کەڕ و بێدەنگ لە حاستیەوە لە بیری چووەتەوە و دەخازێ ئەم ژی ژە بیری بەرینەوە و دەستی دەرەکی لە ئارادا نەبووە . وادیارە کە بە قەد کەرێکی باش لە سیاسەت تێ ناگەی و سەر و ڕیشت (یان بە زمانی خۆت سەر و قوونت ) لە ئاشی عرووسان سپی کردووە ، ئانکو بە تەمای مێژووی کورد بەو زەقی یە بشێوێنی و دەستی دەرەکی نەبێنی . هەر دوێنێ بوو کە قاسم سولێمانی عەجەم کوودەتای ناو یەکیەتی بەڕێوە برد و عودەی تاڵەبانی (وەک جەلال تاڵەبانی

ناوی نابوو) بەسەریان دا زاڵ کرد و لە سەر ئەو زیادەڕەویە ژی ترامپ کردیە کۆی خەلووز و زووخاڵ . جێگرەکەی درێژە بە کاروباری دژە کوردی ئەو ئەدات و جەنابت ئێژی کام دەستی دەرەکی . چما هەر دوێنێ نەبوو کە ڕاکردووی زیندانی سەقز و پەنابەری باشووریان ڕادەستی مەلای عەجەم کردەوە و بە کوشتیان دا . ما هێندە خەرەفیاوی کە مەردم کوردت پێ نەزان و هێڕ و گەوجە .

ئەو هێمای هەژاری و برسیەتی و زک بەتاڵی یەی لە کوردستان ئەی ڕەنگینی ، کوردستان ئەکاتە بیافرای کۆنی ئافریقا لۆ ئەوەیچ دەیکەی هەتاکو بازاڕی حەلەلەی دواکەوتووە کوێر و نەخۆشەکانت گەرم دا بهێنێ وەکی تر تۆ و هەموو لایەک ئەزانن کە وا نیە و ئەوەی هەیە لە ئاستی وڵاتانی خواپێداوی وەک ئامریکا و فینلەدایە ، وەک دیاردەی سەرمایەداری . گۆڕ کیژان پێوار و گەز و ڕبە و زانست و فەلسەفە و ئەزموونی هەزارن ساڵەی مرۆڤایەتی قەرارە نەک ئەم سووکە دەسەڵاتە بەڵکو دەسەڵاتی تەواوی نەتەوەیی ئی دە کورد و خەڵکی دن ژی ، دادی کۆمەڵایەتی و کۆشکی یەکسانیی ژیان لۆ خەڵک دابین بکەن کە لە درۆ و تراویلکەیەکی خەیاڵاویی کمۆنیست و چەپەکان چتێکی فرەتەر نینە . ئەشی خەرەفیان و گراوی تراویلکەی کمۆنیستی ئەو کێشەی لێ پڕیبێتی کە تێ بگەی ئەوەی لە باشوور هەس ، ڕەوتی سروشتیی گەشەی سەرمایەی نەوەکامی کوردستانە و تۆ بە نەزانی ئانکو بەمەبەست ئەیکەی بەماڵ بە سەرکوردەوە . دەسەڵاتی نەوەکامی کورد لە باشوور بەشی ئەوەندە ئەزانن کە بە دەم چەورکردنی پارەپەرەستانی جیهانی دۆخی خۆیان لە هەمبەر تەوژمی لەباربردنی بەغا و تاران و قۆم و نەجەف بپارێزن و جارێ بواری ئەوەیان پێنادەن کو دەسەڵاتی کورد لەو چوارچێوە تەسکە دا لە ناو بچێ و بەرژەوەندی درێژخایەنی جوولەکە لە ئیسرائیل بکەوێتە مەترسی . ئەم ژاڕرشتن و خستنەوەی گەرای پشێونی و ئانارشیزمەی پەشێویچ کە هاوتەریب وەگەرد ستراتیژی مسکۆ-تاران- شام و بەغایە و دە ئاقاری ئەوان و داشەکانینیان ژ قەندیل ئەڕوات هێشتا بواری نیە و کاغەزیش نەماوە داکو بێژین بەقەد تەڕایی جەوهەرەکەی پڕ ناکات.

سەیر و سەمەرەی خاپاندنی خەڵك دەگاتە ئەو ڕادەی کە مخۆ هەولێری لە مسکۆی کمۆنیست خوێندوو دەرێ " هەی ئەحمەقینە، وڵاتی نەوت و گاز و خۆر و ئاوتان لەبن دەستە- خۆرەکەی شاکاری پەشێوە لۆ تەواو کردنی سەروا کێشە و لەوانەیە خوری با، باشتر با" و هێژ لە مێژوویی سەدان ساڵەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالزم و کاپیتالیزم تێ نەگەیشتووە و نازانێ ئانکو بەمەبەست خۆی لە گێلی و نەزانی ئەدات کە سامانی خوزایی هەر وڵاتێک کراوە بە کەوڵی ڕێوی و هەتا چاوی چنۆکی پارەپەرەست و سووخۆران تێر نەکا ئەوا بەشی خاوەنەکی لە گۆڕێ دا نیە . مێژووی بەڵای ڕەشی زێڕی ڕەشی کەرکووکی کەوڵە ڕێوی و تاڵاوی سڕینەوەی کورد و عارەباندنی دەڤەرەکە ، کە هێشتا بەردەوامە ، بە کارەساتی داگیرکردنی کەرکووک ژیاوە، لێ جەنابێ وی دەرێ نەوتمان هەس و بەشی ئەوەندەی پێ نیە لەو مێژووە تێ بگات.

مایەی شەرمی بەڕاستی کە پاش ترۆ بوونی ڕەگەزپەرەستی و کوشتنی جۆرج فلۆید لە ئامریکا و تەقینەوەی بزاڤی دژە رەگەزپەرەستی لە ئاستی جیهانی دا ، هێژ سۆماڵ وەک مینایەکی ڕەگەزپەرەستی بە چاو دەسەڵاتدارانی کورد ئەدەیتەوە . وادیارە کە پیری و خەرفیان بەشی ئەوەی تیا نەهێشتووی کە بیرێک لە سەردەمی ئاخۆڕی سۆڤیەت بکەیتەوە . ئەمەش پێمان دەرێ ئەبێ مێژوو چۆن توی پووچ کەرەوەی هەزاران سال خەباتی نەتەوەی کورد و لەبار بردنی دوابەرهەمی و تێکدەری "مەزاجی کوردانەی" گۆرانمان ، ئاوا نەزانانە ئانکو بەمەبەست ، بنرخێنێ . ئەشێ لەوەش دڵنیا بی کە مەلای عەجەم و هاوئاخوڕەکانی سۆڤیەت دەستێکی تەڕیشت پیا ناهێنن . بوونی نەتەوەیی و کوردانەت ، درۆزنانە ،ناوبەتاڵ و کڕمۆڵە و بوونە دەمڕاس و سەماکەری ترک و عەجەم و عرووبە میراتی خووی فرچکدراوی بەکرەجۆیە و وادیارە وازت لێ ناهێنێ . نامۆیت بە کۆشکی ڕەنگین و نەخشینی هەزار نهۆمی فریشتەی شێعری کوردی و تێی دا بە دەرکەوانیش وەک بەکرە شۆڤاری خانی ، ڕات ناگرن . ڕەخنە و گازندەت ، سەری خۆت و قەڵەمە شڕ و دەم هەراشەکەت بخوا ، تۆ دژی فەلسەفەی خانی لە مەڕ دەسەڵات ئەجووڵیتەوە و تەنانەت وەک بازرگانێکی ژیریش خراپ و چەوت لە پ ک ک و دەوی لە مێژووی کورد تێ گەیشتووی . ئەمەیچ تۆی کردووە بە تاکە کەسی دەگمەن جە دیرۆکا بێژە و وێژەی کورد کە خۆت ئاسایی دژی دەسەڵاتی کوردی ئەوەستی .

کاردۆخ پیرمۆراد

٢٠٢٠/١٢/١٢